# سەرۆکی حکومەتی کوردستان و وەفدی شاری چەمچەماڵ... کێ چووە بۆ لای کێ؟!

ئێمەی چەمچەماڵییەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەوروپا، ڕۆژی پێنجشەم، ڕێکەوتی 20.07.2006، هەواڵمان بیست کە دیدارێك لە نێوان سەرۆکی حکومەتی کوردستان و وەفدێکی حکومی و حزبیی شاری چەمچەماڵدا پێکهاتووە. بە ڕاستی ئەمە هەواڵێکی زۆر خۆش بوو بۆ ئێمە، بەڵام ئەوەی لەسەرەتاوە بۆمان ڕوون نەبۆوە، شوێنی دیدارەکە بوو. دەسپێك لە ماڵپەڕی "پەیامنێر"دا خوێندمانەوە کە بەڕێز کاك نێچیرڤان سەری لە شاری چەمچەماڵ داوە. دواتر لە ماڵپەڕی ڕۆژنامەی "خەبات"دا خوێندمانەوە کە وەفدەکەی چەمچەماڵ لە هەولێر سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کردووە. ئەم دوو هەواڵە دژ بەیەکە ئێمەی خستە گومانەوە، بۆیە بڕیارمان دا پەیوەندی بە کەسوکارمانەوە لە چەمچەماڵ بکەین. لە ئاکامدا بۆمان ڕوون بۆوە کە وەفدە حزبیی و حکومییەکەی چەمچەماڵ لە هەولێر سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کردووە.

ئێمە هەموو ئاوەڕدانەوەیەکی حکومەتی کوردستان لە شاری چەمچەماڵ و دەوروبەری بەرز دەنرخێنین و زۆریش بە پێویستی دەزانین کە حکومەت هەمیشە چاوی لە چەمچەماڵ بێت. ئەگەر بێت و نەخشەیەکی زانستی بۆ بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و شوێنەوارناسی و گەشتوگوزار و پیشەسازی بۆ چەمچەماڵ و ناحییەکان و گوندەکانی دابڕێژرێ، ئەوا لە داهاتوودا دەبێتە بڕگەیەکی پتەوی بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستان.

ئێمە لێرەوە داوا لە سەرۆکی حکومەتی کوردستان کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەین یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بباتە شاری چەمچەماڵ، بۆ ئەوەی بەڕێزیان لە نزیکەوە بە داخوازی و پێداویستییەکانیی ئەم شارە بێنازە ئاشنا بن.

هاوکات داوا لە ماڵپەڕی "پەیامنێر"یش دەکەین لێکۆڵینەوە لەگەڵ نوسەری ئەو هەواڵەدا بکات کە ڕەنگە لە خەونیدا لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی کوردستاندا سەری لە چەمچەماڵ دابێت و لەوێوە ڕاپۆرتەکەی بۆ ماڵپەڕەکەی ناردبێ!!

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سڵاوماندا...

کۆمەڵێك چەمچەماڵیی دانیشتووی ئەڵمانیا

## هەواڵەکەی ماڵپەڕی ڕۆژنامەی خەبات؛ پێنجشەم، 20.07.2006:

سەرۆکی حکومەتی کوردستان پێشوازی لە قایمقام و سەرۆکایەتی شارەوانی چەمچەماڵ دەکات

[Jul 2006 20 ، 21:10]

ئەمرۆ بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان پێشوازی لە بەڕێزان قایمقام و سەرۆکایەتی شارەوانی چەمچەماڵ کرد کە بە یاوەری بەرپرس و کارگێڕانی لقی 19- ی پارتی و مەڵبەندی 15- ی چەمچەماڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە سەردانی بەڕێزیان کرد .
مەبەست لەم سەردانەی وەفدی شاری چەمچەماڵ گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی و پێویستی و داخوازیەکانی جەماوەری شاری چەمچەماڵ و دەوروبەری بوو بە سەرۆکی حکومەتی کوردستان .
سەرۆکی حکومەت وێرای بەخێرهێنانی بەڕێزان سوپاسی کردن کە وەك تیمێکی هاوبەش پێکەوە هاتوون و تەعبیر لە داخوازی و پێویستیەکانی خەڵکی ناوچەکە دەکەن و بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە سەرنج و پێشنیارەکانی لێ وەرگرتن .
سەرۆکی حکومەت لە وتەیەکدا تەئکیدی کردەوە کە قۆناخی ئەمڕۆی خەباتی سیاسی و ئیداری گەلەکەمان ئەم رۆحەی کارکردنەی دەوێت کە ئێوە پێی هەستاون و بۆی هاتوون . هەروەها بەڵێنی پێدان کە بە گوێرەی پێویستی و ئەولەویەت ئاوڕ لە هەموو شوێنەکان دەدرێتەوە بە تایبەتی لە خەڵکی ناوچەی چەمچەماڵ و دەوروبەری کە لە ساڵانی رابردوودا دووچاری شەپۆڵی توندی ئەنفال بوونەتەوە لە نمونەی ئەو شوێنانەش خەڵکی ناوچەی چەمچەماڵ و دەوروبەری کە لە ساڵانی رابردوودا دووچاری شەپۆڵی توندی ئەنفال بوونەتەوە لە نمونەی ئەو شوێنانەش خەڵکی کۆمەڵگای شۆڕش و شوێنەکانی دیکەیەتی کە قوربانییەکی زۆریان داوە و دەبێت خزمەتی شایستی بکرێن.
هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە سەرۆکی حکومەت بەڵێنی پێدان کە چەند لێژنەیەك بە مەبەستی لە نزیکەوە دراسەکردنی کێشەکان پێك بهێنرێ و رایان بسپێرێ لەمبارەوە راپۆرتێکی بدەنێ تاکو بتوانرێ باشترین خزمەتی خەڵکی ناوچەکە بکرێت .

## هەواڵەکەی ماڵپەڕی پەیامنێر؛ پێنجشەم، 20.07.2006:

نێچیرڤان بارزانی: ناوچەکانی دووچاری ئەنفال و زولم بوونەتەوە شایستەی خزمەتکردنن

[Jul 2006 20 ، 21:11]

PNA - نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە هاوڵاتیانی شاری چەمچەماڵ و ناوچەکەدا، کە بە گوێرەی پێویست و ئەولەویەت یارمەتی هەموو شوێنەکان دەدرێت، بە تایبەت هاوڵاتیانی ئەم ناوچانەی کە کەوتوونەتە بەر شەپۆڵی ئەنفال و زوڵم.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ (پێنجشەممە) لە سەردانێکی بۆ شاری چەمچەمال دیدار و گفتوگۆی لەگەڵ قائیمقام و سەرۆکایەتی شارەوانی چەمچەماڵ و بەرپرس و ئەندامانی لقی 19 پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرس و ئەندامانی مەڵبەندی 15ی چەمچەماڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کرد.
هەروەها سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە هاوڵاتی شارەکەدا، کە بەگوێرەی پێویست و ئەولەویەت ئاور لەو شوێنەکان دەدرێتەوە، بەتایبەت لە دانیشتوانی ناوچەکانی لە ساڵانی رابردوودا دووچاری شەپۆلی توندی ئەنفال کردن و زولمێکی زۆر بوونەتەوە، نموونەش خەڵکی کۆمەڵگای (شۆڕشە) کە جەماوەرەکەی قوربانیەکی زۆریان داوە و دەبێ خزمەتێکی شایستەیان بکرێت.
هەروەها سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی پێدان کە چەند لیژنەیە بە مەبەستی لە نزیکەوە دیراسە کردنی کێشەکان پێکدێنێت و تاکو لەم بارەیەوە راپۆرتەکانیان پێشکەش بکەن، بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانی ناوچەکە.